# جاسووسە بەڕێزەکان ، ئەم کاتەتان باش !!

**بەرزان هەستیار /ئەڵمانیا**
bhastiar@yahoo.de

سڵاوتان لێ بێت بەڕێزان ، ئەی ئەو رۆڵە جەربەزانەی لە رۆژانی سەختی خەباتا ، ئێوە لە گیانی خۆتان بووردن و بەوپەڕی چاونەترسییەوە قەڵا سەختەکەی بەعستان بنکۆڵ کرد و هێندەی نەمابوو بە سەریدا بڕمێنن !! من دڵنیام ئێوە نەبوونایە هەموو هێز و دەسەڵاتی سەر ئەم گۆی زەمینە نەیئەتوانی تاکە موویەك لە سمێڵی دکتاتۆرە مل هورەکەی بەغدا بجووڵێنێت !! ئێوە جوامێری سەردەمێك بوون کە ئێمەی بوودەڵە لە ترسی دڕندەیی بەعس نەمانئەزانی خۆمان بکەین بە چ کوونێکدا !! ئێوە جورئەتتان خستەوە بەر هەموو پێشمەرکە تۆقیوەکانی شاخ و هەر ئێوەش واتان لە سەرکردەکان کرد زاتی ئەوە بکەن بڵێن شتێك هەیە ناوی شۆڕشە و گەلێك هەیە بە ناوی کورد !

شەرمی بۆچییە ئازیزان ، خۆ ئێوە لە پێناوی پاراستنی سەر و ماڵی ئێمەی کلۆڵ و سەرو سۆراخی ئەنفال کراوەکانا ملتان لە چەقۆ ئەسوو ، سوێندیش ئەخۆن هەر هەموومان باوەڕتان پێ ئەکەین کە هیچ کەسێك لە ئێوەی کەڵە پیاو ! بە بێ ڕەزامەندیی لێپرسراوێکی گەورە ئەو ئەرکە نەتەوەییە زەبەلاحەتان نەخستۆتە ئەستۆ ،... جا پرسی بۆچی بوو شێرەکانی مەیدان ! تۆ بڵێی ئێمە ئەوەندە نمەك بە حەرام بووینایە ، گومانمان لە پاکیی و بەخشندەیی و خەباتگێڕیی ئەنگۆ بکردایە ، نا ، تکاتان لێ ئەکەم ، نەکەن هەرگیز ڕێ بدەن گومانێکی ئاوا ناشرین ڕێ بەو دەروونە بێگەردەتان بەرێت !!

بڕواتان بێت لە ئاستی قارەمانێتیی ئێوەدا ,ئەوەندە بچووك بوومەتەوە خەریکە تەواو ون ئەبم !
ئەوە ، بیرم نەبوو ، ئەزانن چاکترین کاری ئێوە چی بوو ؟ ئەوە بوو کە هەرچی نەخشەو پلانێکی ئەو دکتاتۆرە بێت و دەستی موبارەکتانی پێ گەیشتبێت ، بە پەلە گەیاندووتانە سەرکردایەتی حیزبەکانی خۆمان و هەموو ڕیسەکەشتان لەو بەعسە نالەبارە کردووەتەوە بە خووری !
لێتان ناشارمەوە ، تاکە شتێك کە زۆر ئازارم ئەدات و شەوانە گێنگڵی پێوە ئەدەم ئەوەیە کە لێرە و لەوێ هەندێ دەنگی نەشاز بەرز بوونەتەوە و بەو بیانووەی گوایە ئێوە بە ڕاستیی جاسووس بوون ، داوای دادگایی مەعالیيتان ئەکەن و بیرێك لەوە ناکەنەوە ئەو هەموو شەونخوونیی و دڵە ڕاوکێیەی ئێوە بۆ خزمەتی ئەوان بووە و خوا شاهیدە مەبەستان زۆر شەریف بووە ، دڵ لە دڵ نەدەن خوا یار بێت هەموو ئەوانە دەم کوت ئەکرێن و ئێوەش بۆ هەمیشە هەر خاوەن مەقامی بەرز و ڕێزو حورمەتی بێ پایان ئەبن!!

دوا وتەم بۆ ئێوەی مەرددددددددد !! ئەڵێم بژی جاسووسسسسسسسسس ، مردن بۆ ئەو کەسانەی بەو جاسووسە مەزنانە ئەڵێت بەری چاوتان کلی پێوەیە . بژی جاسووسی بەڕێز .

بە داخەوە منیش ئەو شەرەفەم پێ نەبڕا ببمە جاسووسێکی بە هەیبەت و شەقێك لە شیعر و هەموو وشە بەتاڵەکان هەڵدەم و وەك ئێوە تاجی سەروەریی لە دەستیی گەورەکانم وەربگرم ، نا ، ببوورن ئێوە خۆتان گەورەی هەموو لایەکن !!!!!!